# دەنگی هەزار ساڵان بەجەنگی تارا جاف دەبیسترێت

کاکشار ئورەمار

ژنانی کورد لەنێو تێکۆشانی هونەریدا رەنجێکی زۆریان داوە. ئێمە بەلای لایەی ئەوان گەورە کراوین. ئەو کاتەی منداڵ لەنێو بێشکەدا دەهەژێنن و بەگۆرانی و لای لایە دایکان، چاوی رۆڵەکانیان گەرم دەکرد.

ئەو کاتەی بەرهەمێکی هونەری بتوانێت مرۆڤ بخاتە نێو دەریای رامان و خەیاڵی قوڵ و دوور دەتوانێت لەمێژووی هونەریدا ببێتە خاوەن پێگەیەکی تایبەت و نەمر. لێ دیوانەم بەرهەمێکی نوێیە لەلایەن خانمی هونەرمەند تارا جاف ئامادەکراوە. گوێ گرتن لەم سیدیە تەمەنێکی دیکە دەداتە رووحی ئەو مرۆڤانەی کەتینووی ژیانێکی شادن.

لەنێو گەلانی رۆژهەلاتی ناوین لەتەنیشت زمان و موزیک دا لەگەڵ مێژووی کوردی ناسنامەی نەتەوەیان پاراستووە. وەك دەزانرێت موزیك سنوور ناناسێت. ئەو کاتەی هونەرمەندێك لەسەر ناسنامەی میوزیکی نەتەوەیی شارەزا بێت، دەتوانێت ئامێرێکی بیانی بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاتر بکات.

هونەرمەند تارا جاف لەنێو هونەری کوردیدا خاوەن ستایل و رێچکەیەکی جیاوازە، بەلاّم ئەو لەناوەندی ناسنامەی هونەرو موزیکی کوردی دوورنەکەوتۆتەوە، لەکۆنسێرتێك دا ئەو کاتەی تارا جاف بەجلی کوردی رەنگاو رەنگ و بەئامێری هارپ- جەنگ. دێتە بەرامبەر خەڵك، مرۆڤ لەگەڵ خۆی دەباتە بەر دەرگای مێژوویەکی دوورو قوڵ. هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی جگە لەوەی ئامێری هارپ- جەنگ، وەك ئامێرێکی ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر



تارا جاف

دەژەنێت و هاوکات بەدەنگە بەسۆزەکەی سەرنجی هەمووان رادەکێشێت.

تارا بەدەنگە خۆشەکەی و زۆر بەشارەزایانە دەنگی ئامێری جەنگ. هارپ- تێکەڵی ئاوازی رەسەنی کوردی دەکات.

جەنگ- هارپ- سازێکە لەکۆشکی پادشاو میرەکانی ئێران و عوسمانیەکان لەلایەن هونەرمەندە ناسراوەکان بۆچینە دەوڵەمەندو دەسەلاّتدارەکان لێدراوە.

لەئەدەبی کۆنی کوردیدا ناوی ئامێری هارپ -جەنگ- زۆر دەبینرێت، شاعیرانی وەك مەولەوی هەورامی و بێسارانی لەشیعرەکانیان لەتەك پێناسەی سروشت و ئەڤیندا زۆرجار باسی ئەو ئامێرەیان کردووە. ناوەڕۆکی هەڵبەستەکانیان ئەوەندە ناسك و دەوڵەمەندە لەبەر ئەمەش لەلایەن بەشێکی بەرچاوی خەڵکەوە کراون بەگۆرانی. هەروەها شاعیرانی ئێرانی وەك حافیزی شیرازی و مەولانا رۆمی لەهەڵبەستەکانیان باسی ئامێری جەنگیان کردووە.

تارا جاف لەساڵی ١٩٥٨ لەشاری بەغدا لەنێو بنەماڵەیەکی هونەر دۆست لەدایکبووە. عەشیرەتی جاف بەشێوەیەکی بەرچاو پشتگیری لەهونەرو گۆرانیبێژان دەکەن. دیوەخانی ئاغاو بەگەکانی ئەو عەشیرەتە لەناوچەی هەڵەبجە بووەتە جێگای زیندووکردن و کۆکردنەوەی داهێنانی گۆرانی کوردی کە بەشێوە زاراوەی هەورامی دەوتران.

ئەو بەگ و ئاغایانە بەشێك لەدەوڵەمەندی خۆیان بۆ ژیان و هونەری دەنگبێژانی ناوچەکە تەرخان دەکرد. یەکێك لەو دەنگبێژانە باوکی تارا جاف بووە. باوك و دایکی تارا ئەو کاتەی زانیان کەتارا دەتوانێت لەسەر ئامێرێکی کوردی ناوچەی هەورامی کار بکات زۆر پشتگیریيان لێکرد. تارا لەکوردستان نەژیاوە، بەلاّم لەتەمەنی منداڵیدا بۆ جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان هەموو کات لەگەڵ بنەماڵەکەی سەردانی هەڵەبجەی کردووە.

لەنێو عەشیرەتەکانی کوردان عەشیرەتی جاف خاوەن چەندین شاعیرو رەوشەنبیری ناسراون هاوکات ئەمەش کاریگەری لەسەر تایبەتمەندی ئەو عەشیرەتە کردووەو بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ پشتگیری کردنی هونەرو گۆرانیبێژانی ناوچەی هەورامان، لەهەمووشیان زیاتر دەرگای بۆ تارا جاف کردۆتەوە.

کاریگەری و پێداگیری باوکی بۆ بەکارهێنانی ئامێرێکی مۆسیقی زۆر بووە، بەلاّم ئەو کاتەی تاراخان دەستی بەگوتنی گۆرانی هەورامی کردووە هەموو کەس پشتگیریيان کردووە. لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن زاراوەی زۆر کۆن و نزیك لەناوەرۆکی ئاڤێستای زەردەشتی زاراوەی هەورامیە.

خاڵی زۆر گرنگ لەموزیکی هەورامیدا ئەوەیە کەکاریگەری هونەری بیانی لەسەر هونەرو گۆرانی ئەو ناوچەیە نییە. بەمانایەکی دیکە ناسنامەی ئەو هونەرە لە ١٠٠٪ کوردیە. ناوەڕۆکی ئەو هونەرە گرێدراوی سروشت و چیاکانی هەورامانە. رەگ و ریشەی هونەرو گۆرانی هەورامی پەیوەستە بەخاك و جێگەی ژیانی مرۆڤەوە.

دەربارەی گرنگی هونەرو کاری تاراخان وتەکانی خاڵی پێر بەپێویست دەزانم کەدەڵێت: تاچەند ساڵ لەمەوبەر شیعرەکانی هەورامی وەك زێرێکی بێ نرخ و بێ سوود لەژێر زەویدا شاراوە بوو، بەلاّم دیواری بێ خەمیەکی بەمشێوەیە لەلایەن هەندێك هونەرمەندی وەك تارا جاف روخێنرا. هاوکات بۆ ناسینی ناسنامە ئەمرۆ رێگەیەکی فراوانی کردۆتەوە. تارا خۆی هەورامی نییە، بەلاّم لەسەر وەسیەت و هاندانی باوکی دەستی بەکارو خەبات لەسەر هونەری هەورامی کردووە.

تارا جاف لەساڵی ١٩٧٦ لەشاری لەندەن دەژی، لەساڵی ١٩٩١وە تائێستاش خەریکی کارکردنە لەسەر ئامێری جەنگ، جگە لەمەش تارا دەیەوێت لەپرۆژەی دوارۆژیدا بەئامێری جەنگ- هارپ- لەگەڵ هونەرمەندە رەسەنەکانی ناوچەی هەورامان بەرهەمی تایبەت تۆمار بکات.

هارپ یاخود -جەنگ- بەگوێرەی بەڵگەنامەکان مێژووەکەی دەگەرێتەوە سەر سازی سۆمەر- ئێرانی، کەبەر لە (٥٠٠٠) ساڵ ناوی بەنووسینی بزماری دۆزراوەتەوە.

هارپ بەزمانی کوردی و فارسی بەجەنگ دەناسرێت، تاسەدەی هەشتەم جەنگ لەدانیشتنی دیوەخانی دەوڵەمەندو دەسەلاّتدارانی سیاسیدا ساز ئامێرێکی سەرەکی بووە. تارا جاف لەو باوەرەدایە کەهۆکاری لەناوچوونی جەنگ -هارپ- دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەدروست کردنی زۆر بەزەحمەت بووەو لەشوێنی ئەو سازی وەك سەنتوور جێگایان پرکردۆتەوە.

من لەم رێگایە پیرۆزو دژوارەدا بۆ تارا خانمی هونەرمەند سەرکەوتن دەخوازم.